# تێبینییەکانم لەمەڕ حزبی تازەوە بۆ هاوڕێیان

( 2 ) پەروەردە کردنی ئەندامان و بردنە پێشەوەی هۆشیاری چینایەتییان بە گیانێکی مارکسیستانەوە یەکێکە لە ئەرکەکانی هەموو ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی ڕاستەقینە . ئەم ئەرکە هەرچەندە هەندێك جار شێنەیی و هەندێك جاریش گورج بوونەوە بە خۆیەوە دەبینێت , بەلاّم هەمیشە بەشێکی جیانەبووەوەی پرۆسەی خەباتە و ناکرێ لە هیچ قۆناغێکدا وەلا بنرێ . ئێمە دەبێت ئەوەمان لا ڕۆشن بێت کە سوودی چوونە پێشەوەی هۆشیاری مارکسیستانە هەمەلایەنەیە . ئەگەر لایەنێکی بە قازانجی ئەندامان و بردنە سەرەوەی ئاستی بیر کردنەوەیان بێت , ئەوا لایەنێکی تری توند و تۆلّ کردنەوەی خەباتی ڕێکخراوەیی ئەوان و نزیك بوونەوەی زیاتریانە ( واتە خودی ئەندامان ) لە یەکتری .
بێگومان هەر لە پەیوەند بەم دیاردەی چوونە سەری هۆشیارییەوە , ئەو پەیوەندییانەی نێوان چینی کرێکار و ڕێکخراوەکەش ئاستێکی بەرزتر بە خۆیەوە دەبینێت . ئەمە خۆی لە خۆیدا ڕێ کردنەوەیەکیشە بۆ هاتنە پێشەوەی توانای زیهنیی مرۆڤەکان و بە گەڕ خستنیان لەو پێناوەدا . هەموو مرۆڤێك لە دنیادا توانایەکی باشی لە بوارێکی دیاری کراودا هەیە . هەرچەندە ڕژێمی سەرمایەداری ڕێگرێکی گەورەی دۆزینەوەی ئەو توانایانە و هێنانە مەیدانیانە , بەلاّم بۆ حزبێکی مارکسیستی کە دەیەوێت پێشڕەوایەتی ململانێی چینایەتی بکات لە کۆمەلّگادا , دەشبێت ببێتە گۆڕەپانێك بۆ خۆ دۆزینەوەی ئەندامان و تەقاندنەوەی ووزەی شاراوەی خەبات گێڕانەیان . حککع نەك هەر سالاّنێکی زۆرە لەم بوارەشدا کەمتەرخەمی نواندووە , بەلّکو گرتنە بەری ڕێگایەکی پێچەوانە لە بەرژەوەندی خەتە سیاسییەکەی ڕابەرایەتیدا بووە . واتە ڕابەرایەتی خۆی نەیویستووە ئاستی هۆشیاری چینایەتی ئەندامان بەرز ببێتەوە , چونکە ئوسولّی پیادە کردنی مەوازینی حزبیی ئەو( ڕابەرایەتی ) و خەتە سیاسییەکەی ناکۆکە بە دیاردەی چوونە سەری هۆشیاری ئەندامان . ئاخر قەتیس مانی ئەندامان و دەست ڕانەگەیشتنیان بە ئاستێکی سیاسی بەرزتر دەبێتە سفرەی حازر بۆ چۆنیەتی هەلّسوڕانی ڕابەرایەتی و بڕیارەکانی . هەمیشە سەرکوت
خاسیەتی بنچینەیی ئەو حزب و ڕێکخراوە بە ناو مارکسیستانەیە کە لە باری تیوورییەوە هەژارن .
مەیدانی پراکتیس کردنی تیوریی هەر ئەوەندە نییە کە دەستت بە بەرنامەیەکی هاوچەرخانە ڕابگات , بەلّکو ڕۆژانە لە کار و تێکۆشانی حزبدا و بۆ وەلاّم دانەوە بە گیر و گرفتەکان و مەسەلە هێجگار گرنگەکانی کۆمەلّگا پێویستت بە ڕێ پیشاندانی ئەو (تیوریی ) هەیە . تیوریی هەرچەندە لە پراکتیس جیا نابێتەوە بەلاّم بۆ خۆشی وەکو یەکەیەك پێویستی بە ئالّ و گۆڕ و چوونە پێشەوە هەیە . ئەلّبەتە ئەم ئالّ و گۆڕەی پۆزەتیفانە بە سەر تیوریدا دێت هەردەم لە دوو توێی پراکتیس و وەلاّم دانەوە بە کێشەکانەوە دێت . ئەوە ڕاستە کە تیوریی و پراکتیس هەمیشە کار و کاردانەوەیان لە سەر یەکتری هەیە , بەلاّم چوونە پێشەوەی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە گرەوی چوونە پێشەوەی تیوریی شۆڕشگێڕانەدایە . هاوڕێ لینین دەلّێت جولاّنەوەوەی شۆڕشگێڕانە بێ تیوریی شۆڕشگێڕانە نابێت . ئێمە دەبێت تیوریی وەکو چەکێکی فکریی شۆڕشگێڕانە لە مەیدانی پراکتیسدا هۆشیارانە بە کاری بهێنین و هەر لەوێشەوە بە دەستکەوتی تازە دەولّەمەندی بکەین . ئێمە دەبێت لەم نێوەدا و لێبڕاوانە , ئەو ڕێیانە بگرینە بەر کە بەو ئەنجامەمان دەگەیەنێت . بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ئەندامان کرۆکی بە دەستەوە گرتن و دەولّمەند کردنی تیوری شۆڕشگێڕانەیە , وە فاکتەرێکی هەرە گرنگی وەرنەچەرخانی حزبیشە بە لای ڕاستدا . یانی بۆ ئەوەی حزب لە لادان ( ئینحیراف ) بپارێزرێت دەبێت ئاستی هۆشیاری چینایەتی ئەندامان بەرز بکرێتەوە . ئەلّبەتە ئەوەشمان دەبێت لا ڕۆشن بێت کە بەرز نەبوونەوەی ئاستی هۆشیاری چینایەتی لای ئەندامانی هەر حزبێکی مارکسیستی بە واتای نزمیی ئاستی هۆشیاری ڕابەرایەتی دێت . بۆ ڕێکخراوێك یان

حزبێکی مارکسیستی نزمیی ئاستی هۆشیاری ڕابەرایەتی بە مانای کوژاندنەوەی چرای ڕۆشنی ئەو ڕێکخراوە یان ئەو حزبە دێت . حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق کە وەك حزبێکی ڕەسەنی ناو بزوتنەوەی کۆمۆنیزم چووەتە مەیدانی خەباتی چینایەتییەوە لە عێراقدا , پێویستە یەکێك لەو سەنگەرانەی کە لێیەوە دەجەنگێت هەمیشە دەست ڕاگەیشتنی هەرچی زیاتری ئەندامان و کادرانی بێت
بە ئاستێکی شیاو و شیاوتری هۆشیاری چینایەتی بۆ بە ئەنجام گەیاندنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار .

بژار 27 \ 10 \ 2004